## ئێرە دەنگی کوردستانە

ئێرە دەنگی کوردستانە
ئەو دەنگەی لەگۆڵمی کچان
نێرگزێک و
لەمەلۆی ژنان
بەتەوێڵی تاریک ترین شەوی سەردەما
چرایەک هەڵ ئەکەن،
دەنگێکەلەشارای پیاوانی هەناسە سوتاویشدا
ئاوازی گۆرانییەکی کوردستانی ساز ئەکەن،
ئەم دەنگە سورە
لەوەرزی تەزین و هەڵوەرینا
تا چریکەی لەزار دەر بێ
بەهارێکە پڕ پەڵە
بە پێنووسە دانەدراوەکانی مێژوو و
تفەنگە ژەنگ گرتوەکانی شانی سەردەم
هیوا ئەدات،
ئەم دەنگە خۆڵەمێشیی یە
وەک هەناسەی خنکاوی هەڵەبجە و
وەک ئاسۆی بە خوێن نەخشکراوی چاوی مهاباد
بارانی پەڵەی زامێکی تۆڕە و

بەسەر باڵای درەختی ڕوتەڵە و بێ داڵدەی
ئەم مەملەکەتی نامۆ بوونەدا دا ئەکات،
ئێرە دەنگی کوردستانە
دەنگی چریکە چریکی کۆنسێرتی
ڕاپەڕینی سەقز و بانە و
دەنگی هاوار لەقوڕقوڕاگەدا
خنکاوی دیار بەکر و
قیژەی هەزاران کەنیسمەی باڵ خوێناوی
نێو چاڵەکانی عەرعەر و
نۆتەی مەرگی سرودێکی چاو کیمیا کوشتووی سێوسێنانە،
ئێرە دەنگی کوردستانە
دەنگی زوڵاڵی شۆرشەکەی عەبدول سەلام بارزانی * و
شێخ عوبەیدەالله*ی نەهرییە،
دەنگی کوردستان
سیناریۆیەکی ئەرخەوانی بەردەرکی سەرای موسڵ و
زریکە درێژەکەی مەرگی ناوەختی شێخ سەعییە* ،
ئەم دەنگە نە سەوزە
نەزەرد
نەشین
نە سور
ئەم دەنگە لەگوڵدانی پەلکەزێڕینەوە هاتوە
تەماشاکەن کەچۆن
بوەتە هێشوەئەستێرەی سەرتان و
بەنێو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی مێژووی ئەم خاکەدا
ئەتان گێڕێ نزیک و دوور،

**پۆڵا سەعید**

10.08.02